# بۆ گێڕانەوەی کەرکوک هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە بەڕێوە دەچێ!





سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا لە شاری کەرکوک دەستی پێکردووەو مەبەستیش گێڕانەوەی کەرکوکە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

کۆتایی هەفتەی رابردوو مێدیاکان بە بایەخەوە باسیان لەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیە کرد کە بەمەبەستی گەڕانەوەی کەرکوک بەڕێوەدەچی، بەرپرسانی پارێزگای کەرکوکیش ئەمە بە کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن و بە ئاسایی دەزانن.

هەرچەندە کە ئیمزا کۆکردنەوەکە لە شێوەی ریفراندۆمی نافەرمی بەڕێوەدەچێ، بەڵام دیسانیشەوە عەرەبە توندڕۆکان و بەرەی تورکمانی زۆر بە توندی دژی ئەو هەڵمەتە راوەستاون، تەنانەت لەسەرەتادا کۆبونەوەکانی لیژنەی دەرخستنی راستیەکانیان بایکۆت کرد، بەڵام دوایی گەڕانەوە ناو کۆبوونەوەکان.

بەرپرسە کوردەکان جەخت لەسەر ئازادبوون لە کۆکردنەوەی ئیمزاکان دەکەنەوە، کەچی لایەنەکانی عەرەبی و بەرەی تورکمانی بە مەترسی بۆ داهاتووی پارێزگای کەرکوکی لێکدەدەنەوە!

لیژنەی مادەی 23 کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پێکهێنراوەو بەمەبەستی دەرخستنی راستیەکانی پارێزگای کەرکوک لە مانگی شوباتی رابردوەو دەستی بە کۆبوونەوەکانی خۆی کردوەو چاو بە لیستی دەنگدەران دەخشێنێتەوە، لایەنە پاوانخوازو رەفەزپەرستەکان هەست بەگەورەیی گرفت و کێشەکان دەکەن، دەزانن کە ئاکام لەبەرژەوەندی کورددا دێتەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە بەمەبەستی پەکخستنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەرخستنی راستیەکان هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە دەکەن بە بیانۆو کێشەکە ئاڵۆزتر دەکەن، بەتایبەتیش لایەنی عەرەبی توندڕۆ هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە بەردەوام بێ، ئەوان هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەدەبەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نکوڵی کردنە لەو راستیە مێژووییانەی کە کوردستانبوونی کەرکوک ئاشکرا دەکەن.

هەموومان دەزانین کە لە عێراقدا عەرەب زۆرینەیە، ئەگەر ئەو هەڵمەتە بەڕێوەبچێ، تای تەرازوو بەلای ئەواندا دەشکێتەوە، بەڵام هەر لە بنەڕەتەوە ئەو هەڕەشەو داوایە رەت دەکرێتەوە، چونکە کێشەی کەرکوک پێوەندی راستەوخۆی بە دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکەوە هەیە، پێشتریش لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە رەوشی پارێزگاکە ئاسایی بکرێتەوە، قەزاو ناحیە دابڕاوەکانی بۆ بگێڕدرێتەوە، هاوردەکان بنێردرێنەوە شوێنی خۆیان و ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو رێککەوتنە کاری پێنەکراوە، بەوهۆیەشەوە رۆژ دوای رۆژ کێشەی کەرکوک گەورەو گەورەتر دەبێتەوە.

مخابن هەندێک لە ئەمریکیەکان کەرکوک بە بەرمیلی باروت، هەندێک لە عەرەبە دەمارگیرەکانیش کەرکوک بە وەرەم و شێرپەنجە ناوی دەبەن، هەندێک لە تورکمانەکانیش سەرسەختانە پێداگری لەسەر تورکمانبوونی دەکەنەوە، هەرچی راستی مێژوویيشە کوردستانبوونی کەرکوک سەرڕاست دەکاتەوە.

کێشەی کەرکوک ئەگەرچی بە ئیمزا کۆکردنەوە یەکلایی نابێتەوە، بەڵام دیسانیشەوە دابەشکردنی فۆڕم و راوەرگرتنی خەڵک ئاکامەکەی لە خاڵێکدا چڕ دەکاتەوە، ئەگەر زۆرینەی خەڵک داوای گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوکاتە سەرکردایەتی سیاسی و لایەنە کوردستانیەکان پشت یەستوورو بێباکانەتر کاری لەسەر دەکەن، بەڵام ئەگەر زۆرینەی خەڵک دەنگ بۆ مانەوە لەگەڵ ناوەند یان دەنگ بۆ هەرێمی سەربەخۆ بدەن، ئەو کاتە تای تەرازوو بەلای ئەوانی دیکەدا دەشکێتەوە، بۆیە هەق نیە کوردستانیبوون و گێڕانەوەی پارێزگای کەرکوک بە ئیمزا کۆکردنەوەو ریفراندۆم بسپێردرێ، کاتێک ئەو هەڵمەتانە سەرکەوتوو دەبن کە ئەگەر قەزاو ناحیە دابڕاوەکان بخرێنەوە سەر کەرکوک و ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە بۆ شارەکەو هاوردەکانیش لێی دەربچن، دەنا کێشەکە یەکلایی نابێتەوە.

بێگومان کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان کێشەی بۆ کوردستانیان و سەرکرایەتی سیاسی و هێزە کوردستانیەکانیش دروست کردوەو رامانی جیاوازی لێکەوتۆتەوە. هەندێک پێیانوایە کە پشوودرێژی دەخوازێ و پێویستی بەژیری و لۆژیک هەیەو دەبێ بابەتیانە رەفتار لەگەڵ کێشەکەدا بکرێ، ئەوەی سەرکردایەتی کردویەتی ئەرێنی بووە!! هەندێکی دیکە پێیانوایە کە سەرکردایەتی سیاسی کەمتەرخەم بووەو ژمارەیەک کارتی گوشاری لەدەست خۆیدا مردانەوە، چونکە پێشترو لەکاتی لاوازی حکومەتی ناوەندیدا دەیتوانی دەکاریان بهێنێ و سوودیان لێوەربگرێ و کێشەکەیان پێ یەکلایی بکاتەوە. هەندێکی دیکە پێیانوایە کە کێشەی کەرکوک لە دەست عێراقیەکان دەرهێنراوەو بە لایەنی دەرەکی سپێردراوە، بەوهۆیەشەوە ئاڵۆزو تێکچڕژاو بووە، شیمانەی چارەسەرکردنی لاوازە و بەزەحمەت کەوتووە.

ناکام هێشتنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر داهاتووی عێراق دروست دەکات، ئەگەر حکومەتی ئێستا دان بە راستیە مێژوویەکانی کێشەکە دانەنێ و هەوڵی سڕینەوەی ئەو ستەم و زۆرداریە نەدات کە لە رابردوودا لە دانیشتوانی پارێزگاکە کراوە، نەک هەر رەوشی ئاسایش ئارام نابێتەوە، بەڵکو شەڕو ئاژاوەکان سەر هەڵدەدەنەوە. لەوانەیە شەڕێکی خوێناوی دیکە بقەومێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێک دانیە، بۆیە ملدان بۆ خواستی خەڵک و گەڕانەوە بۆ راستیەکانی مێژوویی بە باشترین و لەبارترین و گونجاوترین چارەسەرە دەزاندرێ بۆ بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیەی کە رەگەزپەرستی و پاوانخوازی بەرهەمی هێناوە، ئێستایش هەر رەگەزپەرستی و پاوانخوازیە کە رێگەی چارەسەرکردنی لێداخوستووە و وەک مەنجەڵێک لەسەر ئاگر وەجۆشی هێناوە.

**قاسم کەرکوکی**

# فەرنسا لە دژی تورکیا هەڵوێست وەردەگرێ





لە کاردانەوەیەکدا حکومەتی فەرەنسا هەڵوێستی خۆی لەبەرانبەر بە ئەندام نەبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دووپات کردەوە.

لەکۆنگرەی وڵاتانی بیست کاتێک کە باراک ئۆبامای سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هانی وڵاتانی ئەوروپای دا تا تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا وەربگرن، نیکۆلای سارکۆزی سەرکۆماری فەرەنسا بە ئاشکرا داواکەی رەتکردەوەو رایگەیاند کە تورکیا ناتوانێ ببێ بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

هەرچەندە کە پێشتریش نیکۆلای سارکۆزی رامانی خۆی سەبارەت بە ئەندام نەبوونی تورکیا راگەیاندبوو، بەڵام ئەو کاتە بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لاگیری لە ئەندامبوونی دەکرد، کەچی کۆبوونەوەی پەیمانی ناتۆ و هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ، رامانی بێرنارد کۆشنەریشی گۆڕی، ئەمەش لە کاردانەوەی ئەو هەڵوێستەی تورکیاوە کە دژی راسموسین سەرۆک وەزیرانی دانمارک پێشانی دا.

لەکۆبوونەوەی پەیمانی ناتۆدا سەرەتا تورکیا دژی راسموسین سەرۆک وەزیرانی دانمارک دەنگی داو ئەوەشی بۆ هەڵوێستی دانمارک سەبارەت بەو کاریکاتۆرانە گێڕایەوە کە دژ بە پێغەمبەری ئیسلام لە ساڵانی رابردوودا بڵاوکرابوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکانی پەیمانی ناتۆ، بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە هەڵوێستی تورکیا ئەوی شۆک کردووە، ئیدی لە رامانی پێشتری پاشگەز دەبێتەوەو دژی هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا رادەوەستێ.

کۆشنەر گوتویەتی هەرچەندە کە پێشتر پێداگری لەسەر بەئەندام بوونی تورکیای لە یەکێتی ئەوروپادا کردووە، بەڵام دوای هەڵوێستی تورکیا لەبەرانبەر راسمۆسین ئیدی ئەویش هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە و پێیوایە کە نابێ تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا وەربگیرێ.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئیدی شانسی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بە مانەوەی پارتی دادوگەشەپێدان لە دەستەڵات، بەرەو لاوازی دەڕوات. ئەگەر جاران هەندێک لە رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی ئەوروپا لەوێنەی بێرنارد کۆشنەر لاگیریان لە بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکردەوە، بەڵام هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی تورکیا ئەوروپیەکانی هەناسە سارد کردووەو حەز بە ئەندام بوونی ناکەن.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایەکە هەڵوێستی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کۆبوونەوەی داڤۆس لە دژی سەرۆکی ئیسرائیل و هەڵوێستی ئەردۆگان لە کۆبوونەوەی ناتۆ لە دژی سەرۆک وەزیرانی دانمارک کە هەردووکیان سەرچاوەیان لە دەمارگیری ئیسلامیەوە گرتبوو، ئەوروپیەکانی بێزار کردووە، بەوهۆیەشەوە ناحەزی زیاتر بۆ تورکیا پەیدابووە. ئەگەر جاران سارکۆزی و چەند سیاسەتمەدارێکی دیکە دژی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا رادەوەستان، ئیدی وڵاتی فەرەنساو دانمارک بە تەواوی لە دژیدا رادەوەستن، رۆشنبیرانی ئەوروپا چاو بە بۆچوونەکانیاندا دەخشێننەوە، ئەمەش بە زیانی تورکیا تەواو دەبێ

**سالار رەحمان**

# دیارنەکردنی رۆژی هەڵبژاردن بە کێشەی دارایی دەبەسترێتەوە




چاوەڕوان دەکرا کە هەفتەی رابردوو رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کورستانەوە دیاری بکرێ، بەڵام بەهۆی کیشەی داراییەوە رانەگەیەنرا.

بڕیاروابوو کە هەفتەی رابردوو دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رۆژی هەڵبژاردن لەرێگەی مێدیاکانەوە بۆ خەڵک ئاکرا بکرێ، بەڵام دوای کۆبوونەوەکە دکتۆر فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ئاشکرای کردووە کە هێشتا کێشە لەبەردەم دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن ماوە، چونکە کۆمسیۆن بەشداریی کوردەکانی دەرەوەی هەرێم و بودجەی هەڵبژاردنیان بە کێشە زانیوەو رایانگەیاندووە کە ناتوانن لە وادەیەکی کەمدا ئەو ئامادەکارییە بکەن.

دیاری نەکردنی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ زۆرێک لە شارەزایان چاوەڕوان کراوبوو، چونکە بەشداری پێکردنی کوردانی هەندەران لە هەڵبژاردنەکاندا بیرۆکەیەکی بەجێ و رەوایەو لەبەرژەوەندی لیستەکان، بەتایبەتیش لەبەرژەوەندی لیستە سەربەخۆخوازەکاندا تەواو دەبێ، بەڵام وردەکاری و کاتی زیاتری دەوێ، بەوهۆیەشەوە دەبوایە پەرلەمانی کوردستان زۆر زووتر مشوری ئەوەی بخواردبایەو زووتر ئەو بابەتەی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بهێنابایە گۆڕێ، ئێستا کە تەنیا مانگێک و چەند رۆژێک بۆ کاتی هەڵبژاردن ماوە، خۆیا بووە کە ناتوانرێ لە 19ی ئایار هەڵبژاردن بەڕێوەبچێ، تەنانەت ناتوانرێ لە کۆتایی مانگی شەش کە باسی لێوە دەکرا بەڕێوە بچێ.

هەرچەندە کە ئێستا ئامادەکاری لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە بۆ پێکهێنانی قەوارەکان کراوەو دەریش کەوتووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو جاران بەلیستی هاوبەش بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن و داواشیان لەهەندێ لایەن کردوە کە بەشداریان لەگەڵ دا بکەن، بەڵام ئەوەی دەرکەوتووە کە ژمارەیەک ئەو لایەنانەی کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە لیستەکەدا بوون، ئەمجارەیان یان لیستی سەربەخۆ یان لیستی جیا لە نێو خۆیاندا پێکدەهێنن، بەوهۆیەشەوە لیستی هاوبەشی دیکە لە ئارادایە، کار بۆ ئەوەش دەکرێ کە هەر چوار حیزبەکە بەیەکەوە لیستی هابەش پێکبهێنن، بەڵام تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە.

ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە، هەردوو لایەنە دەستەڵاتدارەکەی هەرێم بەیەک لیستی هاوبەش و کۆمپانیای وشە بە لیستێکی جیاو حزبەکانی دیکەش بە لیستیک یان چەند لیستێک بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن.

**رێبین مەولود**